www.kurdistannet.org
12:03 24-2-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەک میلیارد و دووسەد میلیۆن ڕێفۆرم! ... ئەنوەر محەمەد ئەحمەد



بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و چارەسەرکردنی ناتەبایی و کەمایەسییەکان، ڕۆشنبیریی گشتی، فاکتەرێکی زۆر گرنگ و بەسوودە. لێبەخابن، تەنیا ڕۆشنبیرییە گشتییەکە بە تەنیا بەس نییە، بەڵکوم، پەروەردەبوونی کەسایەتییەکە، بەڕۆحێکی مافناس و یەکسانخواز و دێموکرات، مەرجێکی سەرەکییە. چونکەی، هەن کە وەکو تیئۆری ڕۆشنبیرن (یانیش خۆیان وەها دەناسێنن) بەڵام چونکەی پەروەردەیەکی تاکڕەو و بیر سەپێن و نا دیموکراتیان هەیە، ئەوانیش وەدوی هەراو زەنای نەخوێندەوار و کۆلکە خوێندەوارەکان دەکەون! دەنا، مرۆڤی هۆشیار و پەروەردەی تەندروست باش، هەمیشە لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە، بڕیار لە سەر باشی و خراپی کەسێک و کارێک، گروپێک و پارتێک و، ، هتد دەدات. واتە، خۆی خاوەنی بڕیارە، نەک بڕیاری بۆ بدرێت!. مرۆڤی هۆشیار (دینی بێت و یاخود سیاسی) جڵەوی ئەسپی بەرەو مەقسەد لەدەستی خۆیدایە. نەک کەسێکی دی لە پێشییەوە و وەدوای خۆیدا کێشی بکات!. ئێمە لێرەکانەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو کێشە هەنوکەییانە. لێدوان و لێکۆڵینەوەیەکی لەسەرخۆ و زانستی و ڕاستگۆیانە و دوور لە بریندار کردنی هەستە ئایینی و سیاسییەکان. ماوەیەکە، لە وڵاتانی کۆمەڵگا (ئیسلامییەکان) دا، خۆپیشاندان لە دژی کاریکاتیرەکانی ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی و بگرە وڵاتانی تری ئەوروپیش دەکرێت! واتە بێجگە لەدانیمارک، رق و قین لە هەمبەر وڵاتانی تری دوور لە کێشەکە دەردەبڕدرێت. بەداخەوە ڕەنگ و دەنگ و بۆنی شۆڕشێکی ئیسلامی سەرتاپاگیری گرتۆتە خۆ، لە هەمبەر وڵاتان و کۆمەڵگای مەسیحیدا! کە ئەمەیش تەقلەهەڤ و هەڵەیەکی گەورەی نازانستی و ناژیرییە. ئەوەی کە پێویستە و (بەڵام ناکرێت!) دەبووایە گەورەپیاوانی ئایینی هەڵوێستی ئارامکردنەوە و ڕێگای ئاشتی و تەبایی ئاین و گەلانیان جاڕ بدایە. نەک هەڵەیەکی ڕۆژنامەگەری، کۆمەڵایەتی، دینی و یاخود ئایینیش، بکەنە بیانووی (جیهاد) لە دژی غەیرەدین و کافران!! چونکەی زۆرێک لە وڵاتانی ئایین مەسیحی، ژمارەیەکی هێجگار زۆری موسڵمانیان لە کن خۆیان داڵدە داوە. (زۆر جار بێبەرامبەر!!) لە هەموو هاوکاری مادی و پزیشکی و کولتووری. کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسییەکان بەرخوردارن. ڕێز لە ئایینی ئیسلام گیراوە و مزگەوتی زۆر دروست کراوە و بە پارەی کارکەرانی (مەسیحی و جولەکەیش!) کەل و پەل و کار وبارەکانیا بۆ فەراهەم دەکرێت. بە کورتی و پوختی؛ ڕاژەیەکی لەبەرچاوی بیانی دەکرێت لە وڵاتەکانیاندا، واتە خەڵکانی جیهانی سێهەمیش!، لەم هەموو خزمەتگوزارییە زانستی و پزیشکی و ڕۆشنبیری و... هتد بەشداربن. بێشک، ماوەیەکی زۆرە کە کۆماری ئیسلامی کێشەی لابردنی چەکی هەستەیی (ئەتۆمی) هەیە لە تەک ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپادا. ئەوجا کۆماری ئیسلامی! بڕیاری نەهێشتنی وڵاتی جولەکەکان (ئیسرائیل) دەدات. ئەویش بە هەڕەشەی چەکی هەستەیی. قڕکردنی میلۆنان جولەکەیش بە دەستی نازییەکانی جەنگی جیهانی دووم، بە

درۆ و ساختە دەقەبڵێنێت. پێشنیار بۆ ئەوروپا دەکات، هەتا جێیەکی دی لە ئەوروپا بۆ جولەکەکان بدۆزنەوە و وڵاتێکیان بۆ چێبکەن!. ئەمەیە قرێژیی سیاسەت!. ڕوودانی ئەو کاریکاتێرانە، دەتگۆ یەزدان بە دیاری بۆ ئێرانی هەناردووە. کردییە چەکێکی گەرم و ئاگراوی و دایە دەست ئەو کەسانەی، کە خاوەنی هزر و بۆچوون و ڕای تایبەتی خۆیان نین. بەڵکوم هەمیشە وەک پارچەیەک لە ئامێرێکی زەبەلاح، بۆ جووڵە پێکردن ئامادەن!. کەسی ئامێر ئاسا، بە فیکە و فیقەی فەرمانپێدەرەکەی دەکەوێت جووڵە و هەر بە فیکە و فیقەی ئەویش دەوستێتەوە! جاری وایش هەیە، وەها بینی گرتووە، کە لە ژێر فەرمانی فەرمان پێکراویشدا دەردەچێت و دەبێتە خۆڕەو!. زۆر جێی سەرسووڕمان و پرسیارە، جێی داخە، تاکێکی سەدەی 21 وەکو تاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست هەلس و کەوت بکات!! هۆکارەکەیش، زۆربەی نەخوێندەواری و ناهۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاکانی لەمەڕ خۆمانن! کە زۆرێک بەهۆی ناهۆشیارییەوە، خاوەنی ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیان نین، بەڵکوم بەستراون بە گوریسی ئایدۆلۆژییەوە و بەکێش دەکرێن! ئامارێکی ناحەز و جێی داخە کە لە یەک ملیارد و دوو سەد ملیۆن تاکی موسڵمان، 800 ملیۆنی نەخوێندەوارە! ئەم لەشکرە نەخوێندەوارەیش، هەمیشە بە فیقە و فیکەی ـ گوایە ـ پیاوە ئاینییەکان، ئامادەی سووتان و فەوتاندنی خۆیانن. بێڵەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئەمرۆکە بۆ لێپرسینەوە لە کەسێک و کۆمەڵگا و دەوڵەتێکیش، یاسا و ڕێسا و دادگای پێشکەوتوو و ماڤپارێز و مرۆڤپارێز لە گۆڕێدایە. بێشک ئەگەر هەل و دەرفەتی خوێندەواری، خۆ پێگەیاندن و خۆپێشخستن و خۆ تەیار کردن بە ڕۆشنبیری و زانستی سەردەم بۆ ئەو 800 ملیۆنەیش بڕەخسێت، نابنە چیلکە و چەوێڵی ئیدیۆلۆژی وشکەڕۆیی سیاسی و ئاینی. بەڵکوم دەبنە خاوەنی بڕیاری تایبەتی خۆیان لەمەڕ کێشە و ئاڵۆزییەکانی ژیاندا. ئەگەر ئێمە بڕێک لە سیاسەتی قرێژی سەردەم وورد ببینەوە، دەکرێت بگوترێت: کێدەڵێت مەسەلەی ئەو کاریکاتێرانە، کارتی سیاسی و دەستی کۆماری ئیسلامی تێدا نییە؟! هەتا کۆمەڵگای ئیسلامی دەقەرەکە لە دژی وڵاتانی ئەوروپا و (ئەمریکا) هان بدات و بکاتە دوژمن؟! چۆن (سوریا) ی ترۆبوویش هەمان هەلی قۆستەوە و لە سوریا و لوبناندا، کردییە هۆسە و کۆسە و بەکارهانینی (ئیستغلال) ی هەستی ناسکی تاکی موسڵمان. سوریا لە داخی ئەوەی کە ماوەیەکە لێیان گیرکردووە و لە تەپان و تۆپیندایە. ئێرانیش لە تۆڵەی ئەو گەلەکۆمەیەی لەسەرییەتی؟! نموونەیەکی تری هەنوکەیی، پەڕتووکێکی بەڕێز (مەریوان هەڵەبجەیی) یە. زۆرێک لە موسڵمانان ئەو پەڕتووکەیان نەخوێندۆتەوە، تەنیا گوێ لە فەرمانی پیاوە ئاینییەکان دەگرن و خوێنی نووسەرەکەیان حەڵاڵ کردوە! خاڵی گرنگی ئەو باسەیش ئەوەیە؛ ناواخنی پەڕتووکەکە، سەرچاوە ئایینیەکانن! کە دەبووا ئەوانە قەدەغە بوونایە و بسووتێنرانایە! واتە تاکی موسڵمان، هێندەی خۆی بە هەرا و زەنای بێئاگایانەوە سەرگەرم دەکات، دەبێت لە پێشدا، ئەو سەرچاوە دینیانە چاولێبکات و بخوێنێتەوە کە ئەو چیرۆکانەیان تێدا بڵاو بۆتەوە، نەک وەکو تاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست، بە شمشێر و چەقۆکولەوە و بەوناوەدا بحولێنیت و خوێن بەرچاوانی بگرێت. بە پوختی لە مەڕ ئەم کێشە و هەراو زەنا ئایینیانەوە دەڵێم: ئەو جۆرە کردەوە کوێرانە و دەروێشیانە، زۆرتر زیان بە ئاینی ئیسلام دەگەیەنێت و وێنەیەکی ترسناک و خوێناوی دەداتە داهاتووی مرۆڤایەتی. بۆچ دەبێت موسڵمان، ڕادیکاڵ و فێندامینتاڵ و وشکەڕۆ و شەیدای سەبڕین و خوێن ڕشتن بێت؟!! من پێموایە؛ زۆربەی زۆری تاکەکانی موسڵمان، بەهۆی ئایینەکەوە، لەژێر کارگەری کولتووری ڕابردووی عارەبە دەوارنشنینەکاندان. بۆیە پێویستە کە ئایینیش لە گەڵ کولتوورە جیاوازەکاندا

بگونجێنرێت. واتە کوردی ئاییندار، موسڵمانی کورد بێت، بە کولتوور و خو و خدەی پشتاو پشتی کۆمەڵگاکەیەوە. چونکەی یەزدان پەرستی لە ئایینە ئاسمانییەکانیش کۆنترە و یازدانیش موڵکی هیچ گەل و نەتەوەیەکی تایبەت نییە! مەگەر ناکرێت زۆر ڕۆشنبیت بیت و ئیمانداریش بیت؟! بۆیە، دینی ئیسلام پێویستی بە تاکی ڕۆشنبیرە کە بە ئاوەزەی سەردەم بیر بکاتەوە و خۆیشی بگونجێنێت، ڕەفتار بکات و بڕیار بدات. چونکەی مرۆڤی ڕۆشنبیر و هۆشیار، مافناس و مافخواز، نەک هەر قەبوڵی ڕیفۆرم دەکات، بەڵکوم داوایشی دەکات. زۆرجار، پێشڕەوایەتی ریفۆرمیش دەکات. بۆ گۆڕانی ئەرێتی باسە تابو و داخراوەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەوە. لە ڕەخنە و هەبوونی کەمایەسی ناسڵەمێتەوە. لە ئاینی مەسیحیدا، ڕەوتی رێفۆرم (کە زۆربەیان هەر پیاوانی ئایینی بوون، وەک مارتین لۆتەر لە ئەڵمانیا.. ) هەزار ساڵ زیاترە، بابەت و بۆچوون و بڕیارە ئاینییەکانی دینی مەسیحی، هەڵدەسەنگێنێتی و سەدە بە سەدە لە گەڵ کۆمەڵگا و نەوەی نوێدا دەگونجێنرێت. بە سەدان کەسی ئایینی مەسیحی گیانی خۆیان لە پێناوی ڕیفۆرمدا بەخشیووە، بوونەتە شەهیدی ریفۆرم و گۆڕانکاری. ئەگەر کەسێکیش وشەکی ناشیرین لە هەمبەر ئاییندا بڵێت، کردەوەیەکی ئیهانە ئامێزی لێ بوەشێتەوە، ئەوە لە بەرامبەر یاسادا بەرپرسیار دەکرێت، نەک خەڵکی بڕیاری گرتن و کوشتن و سەربڕینی بدەن! دەبێت ئاین و پارتە سیاسییەکان لەگەڵ پرۆسێسی بەرەو پێشچووی کۆمەڵگادا، خۆی بگونجێنێت. چاکسازی و پاکسازی بکات. دەنا کەسە ئایینییەکان، بە لەش لام سەدەیەدا دەبن و بە هۆش و هزریش هەزار ساڵ لە دواوە. لێ بەخابن، ئەمە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی سەد حەیف و خەسارە!. هەتا کەنگێ ڕیفۆڕم لە ئاینی ئیسلامدا بڤە بێت و لێدوانیش لە ـ تابو ـ ەکان کوفر.. ؟!!!